# ئازار هی من ئاوات هی تۆ
# باهۆز هی هەموومان

عەبدوللەتیف بەندەر ئۆغڵوو

# ئازار هی من ئاوات هی تۆ
# باهۆز هی هەموومان

شوکور مستەفا
کردوویە بەکوردی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرینی (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

عەبدوللەتیف بەندەر ئۆغڵوو
ئازار هی من ئاوات هی تۆ باهۆز هی هەموومان – شیعر
وەرگێڕان لە تورکمانییەوە: شوکور مستەفا
کتێبی ئاراس ژمارە: ٩٩٦
چاپی دووەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٨١ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
پیت لێدان: کوردستان کەیفی
هەڵەبژێری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
رێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

وتەی بەسەر لێوانەوە بەهێز بە پڕیشکboomان،
چاوە چاولەڕێی بەهەراسانییەوە ڕاسیانی بەرەبەیانمان،
دڵەکێشکەی بە هەتاو خۆشۆرەی،

لە دژ دێلێتیی ڕۆژگار یاخیبوومان،
بەخۆشەویستییەوەت دە باخەڵ جیهان دەخزێنیٚ.
لە نێو دڵی ئەسکلاویی
ڕۆژگاری لە کێش بەدەردا،
خۆشت و خۆشەویستانیشت
لە ئامێز دەکا و
وەک بیلبیلەی چاوانت
دەیانپارێزیٚ.
کەچی ڕۆژگار،
نە گویٚ بە ئێمە دەدا و
نە بە تۆیش.
ڕۆژگار،
خوانێکی سەرداپۆشراوە بەرانبەرمان،
چاوەچاوی
ئەو دیلانەیە،
لە تاریکستانی چەرخەکاندا تاساون.
هەرچی دیلەکانی چەرخی بیستەمن،
بە هەموو شتێکی زیندوو پیٚ دەکەنن.
ئیدی بەم ئاوایە،
لەپاش ژانی لەدایکبوونێک،
لەو دەمەی گوڵووکان دەپژێن،
خۆرێکی
شلویٚ، خەمبار، بێزار
لە دایک دەبیٚ
خۆر،

شەکەت، خەیاڵاوی، ماندوو،
باهۆز بەرانبەرمان هەڵی کردووە،
چاوی پڕ تراویلکەکراوی
پەردە دادڕاومان،
کەسانێ دەبینن گوێ بە خوێنی ڕژاویان نادەن.
بەڵام بە بانگەوازێ،
بە هاوارێ،
ئەو بزانەی ڕۆژگار لە بیریان بردووینەوە،
لە ناخماندا بەخەبەردێن.
لە گۆڕێدا نە تاسە و ئەڵها،
نە سەرسووکی،
نە دڵنیایی،
نە ئەو جیهانی ئەستێرانەی لە بێ ئاگایی ترازاوە،
نە تۆ، نە من.
وتە بە پڕیشک بووەکانمان
ئەسپێکن،
لە تۆی هەوراندا، ون،
ماندوو،
شاخ و باڵ کردن لە بیرکردوو.
هەرچی یارای بەرەبەیانیشە،
سپیدەی شیرە، لە تاریک و لێڵەی بەرەبەیان دزراوە
چاومان چاوەڕێی ئەوە دەکا و بیر لەوە دەکاتەوە،
گەردوونێکی لە خشتەدەرچووی،
بە فەزادا نادیار چییە و چی نییە،
دڵە کێشکەی بە هەتاو خۆشۆرمان

بەرمەمکانێکی
تازە زمانگرتووی
دەس لەملانە.
هەرچی جیهانیشە،
ئەوە ڕازێکە لە باو و باپیرەوەمان بۆ ماوەتەوە و
هەڵێنانی هەستەمە.
هەرچی خۆشەویستیشە،
لە نێو شارەگی دڵاندا وەشێردن،
بە بروسکە بە خەبەرهێنانی خوناوانە،
کە لە شەوێڕا لەسەر پەڕی مێخەک ڕادەزێن،
بە شیعر ڕوخساری دنیا گۆڕینە.
ئەورۆکە بیرم لێ دەکردیەوە،
ئەو خۆریاتانەی لە کاروانەکانی (ئویغوور)ەکانەوەمان
بە ئاسەوار بۆ ماونەوە، بەبیر دێنمەوە.
«تۆش بسووتێ
بەم ئاگرانە تۆش بسووتێ
هەرچەندت عەزرەت کێشا
هەر بیکێشە و بسووتێ»
ئەوینت،
شیعرێکە لە دڵمدا چەکەرەی کردووە و
پڕە لە ئازار و سەرپێچی.
شیعر،
پۆڵایەکی سوورکراوەوەی لە کوورەی
ئاسنگەردەرێنانە و
بە دڵی تاریکییەوەنانە.

شیعر،
باهۆزە ئەوینێکە
دڵۆپە خوێنێکە،
دەگەڵ زێدەکردن و لێ داشکاندندا زۆرانبازی.
ئەم دڵۆپە،
گوڵووکێکی سووری
کات بەسەرچووی
گۆی گۆماوێکی بەستووە.
بە خۆبەختکردن تێک ڕۆدێین.
خۆشەویستانمان چۆن خۆش دەوێن
یاخیبوونیشمان وا خۆش دەوێ.
خۆزگە دەکێشین کاتێکی گوڵووکی ئاووڕوو
دەپشکوێ لە گۆڕێ،
هەویری تێک ڕۆهاتن هەڵدێ،
تیشکی خۆری لە جیهان تۆرا و
لە لاگوێلمان دەکەین
ساوای بە شیری دایک فێرکراوان،
لە زەینماندا وێنە دەکێشین.
ئەو ڕازانەی بروسکەکان لەپێش،
شەبەنگە بەڕۆژیاندا دەشارنەوە،
وەک لاوژەیێ،
وەک بەستەیێ،
وەک بوویەکیان،
لە چواردەوەری خۆڕیز دەکەین.
نە تۆ ئەمە دەپارێزی،

نە ئەوانیش کە خۆشمان دەوێن.
چنگوڕکی ئەو داڵە دڕانەی
بەرەو ڕوو هەڵمان دەکەنێ،
وەک کۆت و زنجیر لە باسکمان دەئاڵێن.
خۆشمان و خۆیەتیشمان و
خۆشەویستییەکانیشمان و
بوونی بوون ئاساییشمان لەبیر دەکەین.
بێ ئەوەی هەست بە هیچ بێزهاتنەوەیێ،
لە دزێوی و خراپە بکەین،
دەنێو قەپێلکی خۆدەکشێینەوە.
بێ ئەوەی گوێ بە کرمی ئاوریشم بدەین
بە خەیاڵ،
چاوەڕێی لەدایکبوونی ڕووناکی دەکەین.
بێ ئەوەی گوێ بە شارستانێتی بدەین،
باڵی کۆترێکی بریندار چۆن دەنگاوترێ،
بەو ڕەنگە خوێن لە چاوی خۆرەوە بە بیر و ئەندێشەماندا ڕێ دەکا
دووکەڵ دەوروبەر دەتەنێ،
ڕۆژگاری جەوهەری خۆدۆڕێن،
لە جێگای خۆی نابزوێ.
نارێکیی نێوان چاکە و خراپە،
بە ئاشکرا دیارە،
ئەو وشە بریندارانەی لە ویژدانمانەوە باڵ دەگرنەوە،
لاوژەیەکمان بەبیردێننەوە:
«باڵ دەگرێتەوە
مەل دەفرێ باڵ دەگرێتەوە

دەمارم مەبرە پل دەدا
خوێن لە چاوم دەپەڕێ»
گوێ لە دەنگێ دەگرین،
لە چرۆی جیهانەوە ڕادەچەنێ.
گوڕ دەستێنینەوە،
بێ ئەوەی گوێ بە بەزین بدەین، خۆ ڕادەپسکێنین.
دەستی پەنجەبڕاومان،
بۆ دەوری خۆری بەکاسەی خوێن بوو
ڕادەکێشین.
خۆر هاوسەنگیی خۆی دەدۆڕێنێ،
جیهان سەر شۆڕ دەکا و گەردوونە بەیاری منداڵبووەکانمان،
لەسەر هەورە ڕەشەکانەوە پیشان دەدا.
چەخماخە لێ دەدا،
هەور دەگرمێنێ،
بروسکە دەشریخێنێ،
ئێمەش،
کاتێکی دەوروبەر دەشڵەقێ،
بەم دەستە پەنجە بڕاوانەوە،
بە هێزی مرۆوە باهۆز دەدرووینەوە،
دیسانەوە لە هێزی جەوهەردۆڕێنی خۆ دەگەڕێین؛
سەرلەنوێ ئەو لاوژانەی منداڵەکانمانی پێ گوش کراون،
دەخوێنینەوە.
ئەو شەرەفەی لە شیری دایکمانەوە،
لە قسەی باوکمانەوە دەتکێ،
بەسەر شانمانەوە،

لە نێو پێڵووی چاومانیدا
هەڵدەگرین.
لەبەر سێبەری
ئەو ئاه و ناڵانەی،
چەرخەکانی ڕابردوو بەجێیان هێشتوون،
هەست بە بوونی خۆ دەکەین.
بەدەم بانگی بەرەبەیانی ڕەنگاوڕەنگەوە
مەستیمان دەڕەوێتەوە و
لەو گۆڕە لە لاوژەیەک هەڵدەکەین.
«ناووبانگمان بە درێژاییی چەرخەکان
شان و شکۆمان لەبیر ناکرێن،
ئەو خوێنەی لە قسەکانمان ڕێ دەکا
بەرەو ڕووباران ڕێیان گرتووەتەبەر»
لە پێش یەکێ لە حەوت دەرگاکانی دنیا
هەڵکورمام،
وەژوورکەوتنانەیان لێ دەویستم، نەم دا،
ئەوانەی لە ئەوین دەسبەردارن،
بە خراپەوە گلاون،
لە هەموو کارێکدا پشت
بە بڕیاری پێشەکی دەبەستن،
هەرزەوێژی دەکەن،
پڕ و پووچ کاوێژ دەکەن،
بە شێتیان زانیم،
منیش خۆم بە هەرچی هاتن و چوون
بە کەڕ و لاڵ پیشان دا.

هێندەی توانیم،
بیرم کردەوە،
بڕوام بە لەدایکبوونێکی سبەینێی
بێ بەرەبەیان کرد،
خۆم بە خەیاڵی داوی ڕزیوەوە
نەبەست.
لە دژ دەرگا تاریکەکانی دنیا
ڕاپەڕیم.
ئەو مرۆیانەی ناخیان پڕ لە ناسۆرە
بە لاوژەکانیانەوە،
بە قسە شەکاوەکانیانەوەم ناسینەوە.
لە ئەوینێ گەڕام،
بە شڵەژانەوە نەبەسترابێ.
بزەم بەو بیر و بڕوا بێ هەناسانە هات،
کێردیان لە برینەکانمدا ساو دەدا.
لەوە گەیشتم کە جیهان کەسانێ نەناسێ
خەویان پێداکەوتبێ.
جوانیی خاکەکەم،
یەکەم تنۆکە بارانم،
چۆن خۆش دەوێن
مرۆڤ و مرۆڤایەتیم،
لە ناخەوە وا خۆش دەویست.
کاتێکی بە پێش دەرکەی دنیادا تێ پەڕین
ویستم بۆیان هەڵکەمە چریکەی جوانترین، نەشمیلانەترینی
ئەو گۆرانییانەی،

لە نێو باهۆزی سەرکێشیی
بیر و بڕوادا
لە دایک دەبن و
گەورە دەبن.
بەڵام گۆرانییەکان،
لە تاریکاییی خەستی شەوگاری شەوەزەنگدا،
لە ناخی دڵەوە پێکەنینی ئەستێران،
لەگەڵ ئەوانەی خۆشم دەوێن، بەش دەکەم
لە پێناوی ژیاندا،
دوور لە ئازار، بەرەو خۆشەویستی،
شەڕ ڕادەدەم.
بیرەوەرییەکانی ساڵانی ڕابردوو،
چۆن بە بیر دێنمەوە،
ئەوهایش لەو کەسانە دەگەڕێم.
بیرەورییەکانی چەرخەکان بەبیر دێنمەوە
لە ناکاو لە پێش شەڕە ڕاستەقینەکاندا
نەخش بەسترانێ پێک دێ،
وەیشوومەیێ هەڵدەکا بە تەپ و تۆز،
سەرکێشی وەک زنجیرێ
گەوگەو لێک دەئالقێن.
بارانێ دەبارێ
دیسان هەورەتریشقە چەخماخە دەدا،
ئاسمان دەگرمێنێ،
دەوروبەر دەبێ بە ئاگری دۆزەخی ئاو هەڵلووش،
پەلەوەری بریندار

بە کۆڵە ئەوینی مرۆوە،
لە دەنووکیانەوە خوێن
دەدڵۆپێنە نێوان
دڵۆپە بارانەوە.
دڵۆپە بارانیش
دەبن بە ئەستێرەو
لە نێو تاریکاییيەوە
بەرەو جیهانی بێ سەرحەد و سنوور
دەدەنە شەقەی باڵان و
بەرز دەبنەوە،
پەلەوەری برینداریش
بۆ دەوری خۆ دەبەن.
ئەو ڕۆژە سەختە
گوێ کەڕانەی
ڕۆژگار هێناویاننە گۆڕێ
ڕادەبردن،
لە سەرێکیشەوە ڕۆژگار گۆبەندی خۆی دەگێڕێ.
خۆشەویستییەکانی مرۆ سەرەتاییيەکان کە
لە شارەگی دڵی ڕۆژگار بەرد باران کردوو،
ناڵە هەڵدەستێنێ،
لەم چەرخەدا لەگەڵ هێندێ خۆشەویستی واتا دۆڕاندوودا
زۆرانبازی دەکەن.
خۆشەویستییەکان لە هێندێ مرۆدا
هاوشانی یەکدی غارغارێن دەکەن،
خۆشەویستی، لە ڕک،

ژیر، لە پەتیارە،
خەیاڵ، لە مەنتیق،
سپی، لە ڕەش
هەڵناوێرن.
لە ناوجەرگەی ئەو تراویلکانەی،
دەیانهێننە گۆڕێ،
گۆلاوە درۆزنەی لێک تاق و جووت لە دایک دەبن.
ڕۆژگار
یەکەم هەنگاوی پاشەکشێی
دەژی.
لە گۆرانییە نیوەچڵە بەبەردبووەکانەوە
بۆنی عەزرەت دەکوڵێ.
منیش هەست بە لەرزەی خاکی
تینووی خۆشەویستی دەکەم،
لەم ڕۆژگارە گوناهبارە دەپرسم،
گەلۆ شاعیر دەتوانێ
بەرانبەر بەم بیر و ئەندێشە ژاکاو و
سەردەم بەسەرچووانە بێ دەنگ بێ؟
وەڵامێ وەردەگرمەوە،
لە نیشانە لە خشتە چووەکانی دنیا
ئەو دەنگانە دەبیەم کە موو ڕەپ دەکەن و
هەوڵ دەدەم لەو برایانە تێ بگەم،
کە بە زمانی خۆم داخێون،
دەمەوێ بە بەستەی سەرکێشی،
جیهانی لە خەوڕاچوو

وەخەبەربێنم.
دەمەوێ پێوەندیم لەگەڵ خاکەکەمدا
بە شتێکی زیندوو بگۆڕم،
بە ئەوینێ لەبیرچوونەوەی نەویستریێ،
ئەو ئارەقە ساردانەی لە هەنیە و ڕوومەتمەوە
هۆنە هۆن دێنە خوار،
لە مستمدا خڕ دەکەمەوە.
بەسەر دووڕیانی ڕێگەی ئەو ئاواتانەیدا، لێی ڕاوەستاوم،
بەسەر دەرکەی کوڵۆمدراویدا دەپرژێنم.
لە زەردەپەڕدا چاوەڕێی
مرۆگەلی کوشتەی ئەوین،
ناخ پڕ لە ئازار دەکەم.
بەزەم بەو دڵانەدا دێتەوە
وەک گوڵووک دەپژێن و دەڕوێنەوە،
بە یەکدی ڕامووسانی ژین و مەرگ،
دەمارگیری،
ڕەگەزپەرستی،
شۆڤێنییەت و
ئەوانەی ڕاستییەکانی مێژوو ون دەکەن.
وەک خەنجەرێ لە کالان هەڵدەکێشرێم،
ڕادەپەڕم، لە جەرگی ئەوانەی
ئەوین،
مرۆڤایەتی،
بزەی سەر لێو بەدیل دەگرن،
ڕادەچم.

لەبەر سێبەری ئەو فرمێسکانەمدا
کە لەسەر خاکەکەم
بوون بە گولیلک،
لە پێناوی ژینێکی
دوور لە ئازار،
لە ناسۆر پاکبووەوەی
پڕ خۆشەویستیدا،
شۆڕشەکەم بە خەڵات دەدەم
کاتێ خۆر لە پشت تاریکییەوە
پەردەی دادەدڕێ
لەو بەختەوەرییە نەمرە دەگەڕێم
لێواولێو پڕم دەکا.
عەزرەتی ئەو زریانەی ساڵانی ساڵە
لە نێو مستمدا شاردوومەوە
بە باریکە ژانێکەوە وەزمان هاتووە،
لە هێڵەکانی تاریکاییی
ئەشکەوتەکانی چەرخە دوور و درێژەکاندا.
لەگەڵ خۆشەویستیی مرۆڤدا
کە زیندوویێتیی خۆی نەدۆڕاندووە
بەبێ دەنگی دێتە گۆڕێ،
شەوگار دەکا بە دوو بەترەوە
یەکیان بۆ مێژوو بەجێ دێڵێ و
ئەوی دیشیان دەگرێتە
دڵی بەبەردبووی ڕۆژگار.
ڕۆژگار و مێژوو

وەک تروسکەی پشوویەک
دەبەرابەر ئەو مرۆیانەی لەگەڵ
تەنیاییی خۆدا گەمە دەکەن
ڕووبەڕووی یەکدی ڕادەوەستن،
لە تووڕەییی نێو چاوان یاخی دەبن،
ئەو ئەسپانەی بەرەو خۆر تەکان دەدەن.
بە هەموو گوڕێکیانەوە ڕایان ناگرن.
تووڕەییی خۆ لە نەخشی نیگای تیژی
ئەو ئەوینانەدا دەشوا
لە واتاکانیان دەگەڕێن.
لەم دەمەدا، خۆشەویستەکەم،
گوێم لە دەنگێکە لە قووڵاییی چەرخەکانەوە دێ.
لە لاوژەیەک بە شیعر دەگوترێ.
خراپە بسووتێنە،
بە چاکە ڕەفتارکە،
هەمیشە خۆشەویستیی مرۆ
لە دڵتدا هەڵگرە.
گوێ بە ئازار مەدە،
بەگۆترەبڕییەوە مەگلێ.
جەوهەری شت هەرگیز،
لەبیر مەکە.
بە سەرکێشییەکی کۆڵنەدەرەوە،
بروسکە بە دیاری بدە،
بە کەژی ڕێچکە نەشکاو،
بە دەرکەی نەکراوە،

بە ڕێگای بێ کێلەڕێ،
لە ناو هەموو تاریکییەکدا ،
بیر و ئەندێشەی ڕووناک هەڵکە،
ڕەگی زیندوو بەگەڵ،
دڵی بێ ئەوین خە،
بە دۆستایەتییەکی ڕوو لە زۆربوونەوە،
دەنگت بە گوڕ،
بەرەو دەریاکان،
بەرەو ڕووباران بەرزکەوە،
لە دۆستایەتیی میللەتان،
لە شەرەفی مرۆڤایەتی،
وەک بوویەک،
داکۆکی بکە،
تیشکی ڕۆژیش
کە هەرگیز
لە کەم کران نایە
لەبیر مەکە،
ئازار هی من، ئاوات هی تۆ
باهۆز هی هەموومان.
دیسان ڕۆژگارێ بەسەردەچێ
مێژوویەک جیهانی خۆی دەگۆڕێ،
لە نێو دڵی دنیادا
ئەوینێ لە دایک دەبێ،
بەهارێکی کۆن
سوورگوڵی ژێر خاکی تەقیو

وەدیار دەخا.
لاگوێلێ فرمێسک،
لە تاتەنووسی بیرەوەریدا هەڵکەندراوەوە
دەدڵۆپێنە سەر پەڕی
مێلاقەیەکی ملکەچ و کز،
لە شارەگی چەرخی سەنگەلادا،
لە دژ چەوسێنران و دڵڕەقی،
سەرپێچی کەوتووەتە جۆش و خرۆش،
ڕاپەڕین،
سەربزێوی،
هەڕەشە،
دێنە گۆڕێ.
زریانی عەزرەتی نێو لاگوێلم
دەبێ بە ئەوینی مرۆو
وشەی ئەوینی سەرەتاییی
مرۆی هەرە سەرەتایی لە ئامێز دەگرێ.
هەنگین، خۆشەویستەکەم،
هەست بە ژانی لە دایکبوونی بەختەوەری و
ئەوینێ دەکەی،
چەندین سەدەیە بە عەزرەتیەوەی و
ئەوساکە کۆتری برینداری ئاشتی
لە باوەشماندا گەورە دەکەین.
ڕۆژانی لە کاروان دواکەوتووی زەمانە،
لەگەڵ دەنگی ئەو ناڵە ئەسپانەدا کە،
لە ناو تەپ و تۆزەوە دادەخزێن، بەسەردەچێ.

یەکێ گوڵاڵەیەکی سێوی بە سینگی کەژەوە
دەدۆزینەوە.
شەونمی سەرپەڕەکانی لە لاگویل دەکا،
بەو تراویلکەیەی،
لە ڕووی ئاسمان پەیدا دەبێ،
دەپرژێنی
لەگەڵ ڕەنگەکانی ئەویندا
بەراوردی دەکا.
دەستی بۆ نێو قووڵاییی مێژوو
درێژ دەکا،
لەو بێ ئەوینانەی خۆیان
لە مێژوودا ون کردووە،
دەکاتە هەرا،
بانگیان دەکاتێ.
منیش خۆشەویستەکەم
بە ماچە بێ دەنگ و کپەکانت،
لەو خەونەی، چەندین چەرخ و چاخە
لێم کەوتووە، بەخەبەر دێم.
بەرانبەرم چڵێکی گەڵاوەریو،
کانیاوێکی وشکاوهێناو،
هەورێکی لە باران باراندن کەوتوو،
بوودەڵەیەکی تازە دڵداری خۆ ناشتوو،
هۆنەرێکی هۆنراوەی خۆ بە نیوە چڵ بەجێهێشتوو،
گۆرانیوێژێکی بەستەی خۆ لە بیرکردوو،
مۆسیقاژەنێکی خۆ لێ تێکچوو

نووسیارێکی زمانی خۆ لەبیرچوو،
کیژێکی ڕەنگ و ڕوو دزراو،
ئەمن و تۆ،
هەروەها ئەو ئازایانەی لە هەموو جیهاندا
لە دژ ناهەقی،
بە قوربانییەوە سەرکێشییان کردووە و
سەرمەشقی سەرپێچییان داداوە،
سەرپێچی خودی خۆی،
خۆرێ کە لە ناو پیاڵەی بەدەستەوە لەرزۆکەکانماندا بە شپرزەیی،
بە تۆراوی لە دایک دەبێ و
بەدەم ئەوینی مرۆوە بە خەبەردێ.
ئازار هی من، ئاوات هی تۆ،
باهۆز هی هەمووومان.
ئەو خوێنە گەشانەی لەبەردەڕۆن،
ئەو دڵەی لێ دەدا،
ئەو دەمارەی پل دەدا،
ئەو بروسکانەی تاریکی لەت و پەت دەکەن
ئەو ئاگرپژێنانەی دەگڕێن و هەرگیز ناکوژێن
ئەو منداڵە برسییانەی،
گۆرانی بە بەختەوەرییەوە دەڵێن،
ئازار هی من ئاوات هی تۆ
باهۆز هی هەمووومان.
ئەو پەلەوەرانەی لەگەڵ گزنگی ڕۆژدا
ئەو مۆمانەی لە ئارامگاکاندا
ئەو خەونە خۆشانە بەدی نایەن،

ئەو خۆشییەی، ئەو عەزرەتەی،
لە نێوان زەوی و ئاسماندا هەڵاتووە،
منیش،
وەکو تۆ،
لەوانەی بیر لە گەلەکەیان ناکەنەوە
پشووم سواردەبێ و تووڕە دەبم.
لەو شیعر و گۆرانییانەی
کۆنە بە تازە ناگۆڕنەوە،
بەر لە پێشکەوتن دەگرن.
گۆرانی لەگەڵ گزنگدا
لە ناو جەرگەی تاریکستانی شەوگارەوە ناهێنن،
لە ناو کۆمەڵدا
ئاهۆ،
کوڵۆڵی دەگوورێنن،
بە دەنگ دێم.
منیش
وەکو تۆ،
ئەسپەکانم بەرەو ڕۆژ تاودەدەم
بە دەم نووسینەوە،
لە تاق و جووت بوونی
هێندێ بیروباوەڕ کە دەوروبەری تەنیوین،
لە هاروهاجیی ئەو باهۆزە شێتەی
لە ناخمدا هەڵدەکا،
پیش دەخۆمەوە،
دەورووژێم.

دیسان لە دەوروبەرمان
ئەوینێ لە دایک دەبێ،
بیر وروژانێکی تازە پێک دێ.
کاتێ من عەزرەت دەکێشم،
تۆیش دەنۆشی و
وەک سووتمانێ لە ناخمدا دەپەنگێیەوە.
ئازادی،
بەختەوەری،
ئەوین،
سەربزێوی
لە تۆدا منەیی دەکەم.
وەک تیر لە کەوان دەردەپەڕێ کێشمانێکی خۆم دەدەم
لە پێش چاوم
بزەیێک،
ڕاچەنینە ژانێک و
سەربزێوییێک
نەخش دەبەستێ.
ئەو عەزرەت و کول و کەسەرە،
بە درێژاییی چەرخەکان درێژکێشانەی،
برینی گوللەیەک دەیانهێنێتە گۆڕێ،
نە تۆ هەست بە زووخاوی ئەمە دەکەی،
نەبەرەیەکیش کە ئەمڕۆ خراونە قڕەوە،
هەڵدەکاتە لاوژەکانی.
بەڵام،
هەموو شتێ

وەک دڵت سپی،
بە چریسکە و بریسکە.
هەموو شتێ ئالآیەکە و
چییەتیی خۆی دەنوێنێ و
دەشەکێتەوە،
لە خشتەی خۆیدا.
ماندوو لە جێ حەسانەوەیی دەگەڕێن
تۆ پارچە پۆڵایەکی سوورکراوەوە
لەسەر دەزگای ئاسنگەری هەڵگرە،
بێ سێ و دوو، بەو پووشووی بەردەستێیەی
مرۆی سەرەتایی لە ئەشکەوتاندا بە کاریان دەهێنا
بمسووتێنە
بمسووتێنە.
خۆ گوێت لێیە و
ئەوینێکی دەروونەکراوەت چون
لەگەڵدا گەورە دەکەین،
چیرۆکێکی بە کێردی خوێناوی لە کەرتبوون نەهاتووت،
چۆن لەگەڵدا دەنووسین و
خەت دەکێشین ...
بەڵام ئەو خۆرە سوورەی
لە نێو بادەمدا هەڵدێ
مەدزە.
مەدزە.
ستران و لاوژە، عەزرەت دەسووتێنین،
بە ڕاشکاوی نفرڕ لەو مرۆیانە دەکەین

کشاونەتەوە نێو قەپێلکی خۆ.
دەمانەوێ بێ باران،
ئەوانی بوودەڵەییيان کردووەتە پیشە،
ئەوانی نرخی ژیان نازانن
ئەوانی بیر و بڕوایان لە گەناواندا هەڕاج دەکەن،
ئەوانی لە خۆشەویستی تۆقیون و
بێزیشی لێ دەکەنەوە
ئەوانی ترسنۆکن
ئەو لە بیر و بڕوا بێ بەرییە هەژارانەی
لە هەموو شوێنێ
هەڵپە دەکەن و خەریکی چەپ و گوپن،
بوونی خۆ بنوێنن،.
بە خۆشی فێرە سەربزێوی دەکەین.
بەزەییمان بەو دەروێشەدا دێتەوە
دەڵێی خۆشەویستەکەی لە ناکاو، پڕ بەدڵ دەنێژێ.
ئەو تیشکانەی لە ڕۆژیان وەردەگرین
لەگەڵ ئەو دەروێشانەدا بەش دەکەین.
کە بە خراپ دەڕواننە ژیان و سەربزێوی.
لەگەڵ ئەو شێتانەدا کە
هەوڵی ئەوەیانە بەدبینیمان تێدا بگۆڕێن،
وەی چەند خۆشە کە
ئێستا پێکەوە لەبەر هەتاوی
ئەوینێکدا،
لە نێو سووتمانی دۆستایەتییەکدا،
لە کزەی برینێکدا کە پاشماوەی هەزاران ساڵە،

به خورپەی دڵێکەوە،
خۆ گەرم دەکەینەوە.
وەی چەند خۆشە کە
ئێستا لە فێڵی چەپەڵی
فێڵبازانی هەموو هەل بەکارهێنێ
تێ دەگەین.
لە چەقی بە ئاگر دەورەدراوی
ئەو تاقانەی لە خەم و پەژارەی مرۆ ڕادەبرێن، هەڵنراون
هەمدیس لە خۆشەویستیی مرۆ دەگەڕێین.
لەو مرۆیانەی بەهای مرۆڤایەتی فێردەبن و
کوشتەی خاک و نەتەوەکەی خۆن.
بەڵام ئەتۆ لە مەرگێکی ناگەهان
دەترسێی.
هەرکە هەست بە یەکدی ڕامووسانی ژین و مەرگ دەکەی
بێز لە بیر و بڕوای خۆ دەکەیەوە.
هەروەک ساوایەکی
لە پزدانی دایکی بەردەبێتەوە و نا ئاگا لە هەموو شت
دەدەیە قیژەی گریان.
بە هەموو ڕووتییەکەوەت
بەرانبەرم بەچاو دەبێژم.
بەدەم بەچاوبێژتنەوە
سترانی خۆ دەبێژم:
بۆ خواردنەوەی ئاوی خۆر،
بۆ لە هەستەم پەڕینەوە،
بۆ هاوێرکردنی دۆستان،

بە تاسەوەم گوڵەکەم.
بۆ لە پێناو گەلەکەمدا سووتان
بۆ بە بووزانینت
بە خۆزگەوەم گوڵەکەم.
ئەو وردە خەتانەی لە نێوان
مەرگ و ژیندا مۆڵەق وەستابوون،
لە چاوە لەپڕ بە خوێن هاتووەکانی سڕابوونەوە،
یەکێ لەوانی هەست و سروشتی خۆی هەڕاج دەکرد،
لە توێی بەرماوە بیر و بڕوای ڕزیوەوە،
بە زەلکاوی کەڵەکبازیدا هەڵدەزنا،
لەو دەمەدا دارێکی هیشک هەڵاتووی
ڕەگ و ڕیشەی خۆ بەبیرهاتووەوە،
ڕوو لە هەڵکەندران بوو.
یەکێ لەوانی دەستی خۆ لە بیرچوو،
بە پێکەنینی خۆر دەگریا،
بە زۆرەملێ کوژرانی ئەوین
پێ دەکەنی و کەیفی سازدەبوو،
هەرچی ڕاز و نیازە لە ناخەوەکانی خۆشمان بوون
لە نەخشی سەربزێویدا،
لەگەڵ ئەویندا،
لە نوێژەنەوە تێ هەڵچووبوون.
لە سەرێکی دیکەشەوە،
سەربزێوانی جەوهەری خۆناس
لە لەرزۆکیی ڕۆژگاردا،
لە پلدان و خورپەیدا،

لە بێبەزەییدا،
لە زۆرداراییدا،
لە قاقای پێکەنینیدا،
تۆپ تۆپێنیان دەکرد.
لە پێش سەربزێوانی چاو لەڕێی
ڕۆژگارێکی بەدواڕۆژی بەختەوەری ئاوسدا،
لە پێناوی تاریکی لەتوپەت کردندا،
لە پێناوی خۆبەختکەراندا،
دارێکی ڕزیو دەڕووخا.
خۆشەویستەکەم،
ئەوەتا ئێستا چاوم دەقووچێنم و
بە درێژاییی چەرخ و چاخاندا پاشەوپاش دەکشێمەوە.
بە ئارەقکردنەوە، بێ هەست بە ئازار
لە دووڕیانی ڕێ و بانانەوە تێ دەپەڕم.
ڕوو لە سەرچاوەی خۆشەویستیی مرۆ دەکەم،
ئەو ناولەپانەی چاوەڕێی نێچیرن،
داوەشڕەی ئەوانی ئەوین زیندان دەکەن،
دەسووتێنم.
سەرپێچی لە هەموو جۆرە نابەجێیی و
دەک و دەهۆیەک دەکەم.
خۆشەویستەکەم،
دەرکەی ئازارێکی لە چەندین چەرخەوە وەشێردراوی
بە ساڵداچوو وەسەر گازی پشت دەخەم.
ویستم فێرە دیتنی بنیاتی دیوی ناوەوەی
خۆشەویستی و دنیا ببم،

له چاوانتدا،
بڕگه و باڵ و جیناسی ئەو (خۆریات)ە هەڵاتووانەم کە لە
(ئۆیغوور)ەکانەوە ماونەوە،
یەک بە یەک ژمارد،
لە لایلایەی دایکانمانەوە،
لە لاوکی باپیرانمانەوە،
لە واتاکانیان گەیشتم.
وشەکانم بەسەر دەستە خنجیلانەکانتەوە
باڵیان گرتەوە،
هەر بڕگەیەکی تۆ دەیگری،
بەسەر زاری منداڵ و زارۆکانەوە،
بوو بە لاوک و حەیران.
مەلیچک لە قەفەس فڕین،
ئاواز لە تەلەکانیاندا مانەوە،
باهۆز گەزەنی گەیاند،
باران لە گۆلاویدا کڕبوو.
ئێستا نەخشەی جیهان
لەبەر دەستمدا دەبینم،
لەم سەری دنیا ڕا تا ئەوسەری،
خەتێ دەکێشم.
کیشوەرەکان تێ هەڵکێش بە یەکدا چوون،
لە دنیایەکی بێ سەرحەد و سنوور دەگەڕێم.
لە ئاسیا، لەو خاکەی فەلەستینی پێ دەڵێن،
لە ناو گوڵی کراسی خوێناویدا بۆن و بەرامەی
شەرەف و شان و شکۆ،

له چاوی زارۆکاندا گەورە دەبن،
هەردەستە و هەمیشە
بەرەو ڕۆژ درێژ دەکرێن.
پیرۆزیی سەرپێچی
لە دڵی ڕۆژگاردا دەلاقەی برین دەکاتەوە،
خۆڕاگرە خۆشەویستەکەم، خۆڕاگرە،
ڕۆژێ دێ هەموو کەسێ بەخەبەردێ.
هەنگین،
ڕۆژی خۆلەبیرچوو لە پێش بەخەبەرهاتووان، لە پێش سەرپێچان
سەر دادەنەوێنن.
بسووتێ شۆخەکەم بسووتێ،
وەک سووتانی پەروانە لە دەوری شەم.
تاریکستانان ڕووناک کەوە،
وەڕەز مەبە، بێزار مەبە، خۆڕاگرە.
چاوێ بەو خاکەی لەسەری دەژین.
بگێڕەو بڕوانە ئەو لاوژانەی بۆ ئاشتیی دەڵێین
ببێ بە تیشکی ئەستێرەیەک و بکشێ و
بڕوانە باڵە برینداره‌کانی ئەو کۆترانەی،
دانەشەقەی باڵیان لە بیرچووەتەوە.
(باباگڕگڕ) لە مۆزەپۆتامیا
لەگەڵ ئێمەدا هەڵایسا،
ئاڵاکانی دەستی ئێمە بوون
لە دژ هەڵکوتانەسەر شەکانەوە
وەک مەلێکی بریندار،
تێ پەڕە بەرەو پێدەشتەکانی ئافریقا.

ئەستێرە بە دەستتەوە،
لاوکی خۆشەویستی بەسەر زارتەوە،
ئەو چەوسانەوە و ئەشکەنجە و
برسێتی و قات و قڕییانەی
خۆت بە چاوی خۆتت دیون،
لەوانی هەڵدەکوتنە سەر شارستانێتی ڕاگەیێنە.
لە گڕی سەربزێوی ڕێزێ ڕیزکە
لە تاسە و عەزرەتی مرۆی لەبیرکراوان
وەستایانە شوورەیێ بهۆنەوە،
لە توێی دەنکە لمەوە
خوێنی مرۆیان کۆکەوە،
بەسەر و ڕووری ئەو بێ دڵە
ڕووگرژ و مۆنانەیاندا بپرژێنە کە مرۆ دەکەن بە دیلی مرۆ.
سەرپەنجەکانت بە خەنە بسووتێنە،
لەتوپەت بێ دڵی ئەو ملیاردێرانەی،
مرۆ بە بێ نرخ پیشان دەدەن،
ئەوانەی لە مانای ڕاستەقانیی خۆشەویستی ناگەن.
فراژی بێ، بپژێ،
ئەو خونچانەی چاوەڕێی ئاواتن،
بکوژێنەوە ئەو چرای
چەوساندنەوە و
ڕەگەزپەرستی و
وشار و
ناڕەواییيانەی
لە ناو دەریاکاندا هەڵکراون...

خۆشەویستەکەم،
ئەو گوڵۆڵانەی مرۆ، کە
لەزەینماندا چەکەرە دەکەن و
لە تەواوبوون و بڕانەوە نایەن،
لەگەڵ کزانەوە و کڕووزانەوەی منداڵی برسیدا
خڕ کەوە و لە پێش حەوت دەرکەی
دنیادا بەسەر خۆشەویستکانیانتدا
ببەشێنەوە.
هێدی هێدی ئەوانەی دەیانەوێ
فێرە سەربزێوی بن،
بەرگە و زاتیان وەبەرخە.
هێدی هێدی لەوانەی بوونی خۆ
دەبەزێن، ڕاخوڕە، بقریوێنە.
هیوای بڵیندی مرۆیان
لەوانە بگەیێنە کە دڵیان
لەگەڵ گزنگدا بە پژانی
گوڵووکان خۆش دەبێ.
شەونم لە خونچە مەکە،
بروسکە لە شەوەزەنگ دامەبڕە،
ئەو فرمێسکانەی بە دەم
چاوەڕێکردنەوە
لە چاوی دایکان دێ
بسڕەوە.
بچۆ، لە لێڕەکانی ئامریکای لاتینی دا
گوێ لە ڕازونیازی ئەو گیانبازانە بگرە

که هەتاو دەمژن.
تێ بگە ئەوانەی
لە خاکە بێ گوناهەکانی دنیادا
بۆمبای (نوترۆن) زۆر دەکەن،
بۆ مرۆ بیر لە چی دەکەنەوە..
ئەتۆ دەزانی شۆخەکەم،
ئەم بۆمبا ناحەزە
جگە لە خۆشەویستی، گیانلەبەرانیش دەکوژێ.
کاری بەسەر ڕۆژگارەوە،
بەسەر چەرخی و چاخانەوە نییە.
کاری بەسەر شتانەوە، بەسەر خانومانەوە نییە.
تەنیا هەر ئینسانان، زیندەوەران،
دەگەڵ خۆشەویستەکانیاندا دەسووتێنێ و دەکوژێ.
لە هەر حەوت دەرکەی دنیاوە وەرچەرخێوە دەرکەیەکی.
هۆ گوڵی ڕەنگپەڕیو،
هۆ دارگوێزی ڕووخێندراو،
لەبەر سێبەری دارکاژان
ببە بە ئاشقی سەربزێوی.
لەبەر هەر دەرکەیەکەوە ڕادەبری
کلیلێ بۆ هەر دەرکەیەک،
بروسکەیێ بۆ هەر تاریکییەک بدۆزەوە.
بە هەر وشارێ
خۆرێکی ئازادی بگوورێنە.
هەر کە مندالآن زاریان دەپژێ
بە وشەی دایک،

به لایلایەی دایک،
بە هەڵمەتی لە شارەگدا هەویر هەڵاتوو،
بە هاوئاهەنگیی وشەی نەمر،
بە یەکدی ڕاموسانی هێشووە داربی و ئاوی ڕەوان،
بە کەفچەڕێنیی چۆم و ڕووبار.
جا هەنگێ لە نوێوە گوێ دێرە
لە نرکەی دنیا،
لە مێژووی ڕۆژگاری گوناهی خۆ لەبیرکردوو،
لە دەنگی هەست و خوستێکی،
لە شادەماری دڵاندا دەگوورێن،
گوێ دێرە
لە هەناسەی
تنۆکەبارانی هەوەڵ باران،
کاتێکی بەر خاک دەکەون،
گوێ دێرە لەم لاوکەی بۆم نووسیوی:
ئازار هی من، خۆشی هی تۆ
باهۆز هی هەمووومان.
هەر پڕیشکێ یا سەت پڕیشک
لە ئاورگێ ڕادەپەڕن.
دلی من دەسووتێنن.
کاتێ دوودڵ
لە ناوجەرگەی باهۆزێکدا،
لە ناوجەرگەی کەسەرێکدا،
لە گۆڕێدا یەکدی دەگرن،
نە لە تۆدا تاسە و خۆشی،

نە من دەمارم پل دەدا.
ڕۆژێکی دێ ئەم سووتمانەی
تێیدا هەڵدەقرچێین،
سەرلەبەرمان دەسووتێنێ،
بەڵام نەکەی لە بیری کەی
ئەو لافاوەی لەوبەرەوە
بە لێشاو دێ،
ئەو ڕۆخانانەی هەڵستاون،
دوور لە تۆوە ڕێ دەگۆڕن،
دوور لە منەوە، دوور لە ئێمەوە
ڕۆژگار بەسەرچی، چەرخی بگۆڕی،
هیوا بێ، ببێ بە میوانت،
مەرگ بێ، ببێ بە میوانی من،
دەودەوانێیەک سازکرێ،
لە نێوان هەرتکماندا،
شەماڵ هەڵکا گوڵ بپژێ،
لە برینی داوخوازماندا،
لە ڕیزی نان و نمەکدا،
کێردێکی تیژ بکرێتەوە.
خۆشەویستەکەم بێ سوودە
ئەنگاوتنی مەلی بێ باڵ بە گوللەیەکی وێڵ،
کوشتنی چرۆی هەتاو نەدیتوو
لە زگی دایکدا،
لەتوپەت کردنی قەوزەیێکی سەراو
دەگیرسێنەوە،

دڕاندنی ئەو تووڵانەی
بۆ پەردەی دڵداری
دەکرێن بە بەزەک و دۆزەک.
خۆشەویستەکەم
بە هەبوونت، بە جوانیی کۆترانەت،
شێت و هارانە دڵی خۆ دەدەمەوە،
بە لاوژە و سترانی بەختەوەریی مرۆ،
تەنانەت بە سەربزێویی کاتی سەرەمەرگیشیان،
لە خۆشییان دەبوورێمەوە.
ئەگەر دەزانی ئەم دڵە ماندووەم
بە ئاگری ئەستێرەیەکی گەڕۆکەوە
چەندین هەزار ساڵە دەسووتێ ...
تەنانەت لە نێو کێوە سەهۆڵەکانیشدا
دڵم قوڵپە قوڵپ دەکوڵێ.
دڵم لە تاریکیی شەوگاردا ،
هاوڕێ و سەبووریی هەموو دیلەکانە،
دڵم کۆترێکی سپییە،
دەبۆی ئازار و عەزرەتە،
سروودی ئاشتییە،
ڕووناکیی خۆرە،
تنۆکە بارانە،
پڕە لە خۆشەویستیی مرۆ.
ئەو هێدرۆژینەی، ئەو ئاتۆمەی، ئەو نۆترۆنەی
عەزرەتی خۆییت، پەژارەی خۆییت لێ وەشێرێ
خۆشم ناوێن.

هەزار و سی سەت و پەنجا و چوار ساڵە،
دڵم پڕ لە برینە.
ئەتۆ
بایەوانێکی، برینێ لەو برینانەی لە دڵمدان، بکەوە،
هەرچی بای دنیا هەیە سەرلەبەری کۆکەوە،
بچۆ بەر مەیدانی دەودەوانێ،
هیچ سنووریێ لە نێوان بایەوان و بادا مەهێڵە،
ئەوجا، ببینە کێ گۆی گرە و لە کێ دەباتەوە.
پاش هەنگین بەرانبەر
بە باهۆز، بە با و زریان،
نەخشی دڵێکی سەرکێش بکێشە.
ئەم دڵە تەنیا هەر دڵی من نییە،
ئەم دڵە دڵی ئەو مرۆیانەیە
لە تاو ئێش و ئازار، لە تاو وشار،
لە تاو برسێتی، لە تاو پەژارە پل دەدا.
دڵی ئەو مرۆیانە و ئەو مرۆڤایەتییە
پۆلا دەکەن بە ئاو.
ئای کە چەند دڵڕەقی چەند،
وەی کە قسەکانت چەندە تاڵن،
هەناوم دەسووتێنی،
بە چنگوڕکی ڕۆژگارەوەم
هەست بە دیلێتی بکەی
خۆشەویستی بە نێو ئەوانەدا بڵاودەکەیەوە
چەندین چەرخ و چاخە لەبیریان چووەتەوە.
بە هەموو قورساییەکتەوە

هەبوونم پێ خوست دەكەی،
ئەو نیازە چەپەڵەی لە دڵتدایە
بێ شەرم بیدركێنە،
لەو دارە لەتاو كرم تێدان ڕزیوە
بەولاوە چیی دیكە هەیە ...
دار هی ئێمە،
كرمیش هی دار.
وشەی ئەو زمانە تینووانەی
نێو برینەكانم كردەوە،
ویستم ئەو دەمارانەی ڕەگیان تێدا داكوتاوم،
بپچڕم.
بە چاوی خۆ لە ژێر داری هیشك هەڵاتوودا
كۆمەڵە كرمی بەسەریەكدا كەڵەكەبووم دیت.
دەنگێكی بە ئازارەوەوەم
لە گڵكۆی باو و باپیرانەوە بیست، گوتیان:
«دار كرمی لەخۆ نەبێ
هەزار ساڵ دەژیێ»
كە ئەمانەم لە زەینمدا سیایی دەكرد و
گوڕم دەدانێ،
ئاوڕیان لەو خۆرەی بە ژانی لەدایكبوونەوە دەتلایەوە،
دایەوە و
بە ئێمە و ڕۆژگار
دایانە قاقای پێكەنین.
قسەكانت پیت پیت لەسەر لێوم تێنیان تێ دەگەڕێ،
چاوی پڕ لە بارانت ڕووناكی بەسەر ڕێگامدا دەپڕژێنێ

شۆپ و شوێنەوارەکانت هێڵ و کێڵەڕێی ژیانی نوێباومان
پێشکێش دەکا.
بەدەم تووڕەییەکی بێ ڕێشمەوە،
بەرانبەر بە شەپۆلی سەرکێشی لە هەر کوێ بێتە گۆڕێ،
لە ڕاست ژیانێکی پڕ لە گومان و ترسدا
لە خاڵێکدا ڕووناکییەک هێزی تێ دەگەڕێ بەرێزەوە ڕاوەستام.
تێ گەیشتم بایەوانی ڕزیوی بە دەمارگیرییەوە،
جیاوازیگەری دادەدڕێ.
لە نێو شەپۆلی مرۆیاندا
ژینم دۆستانە خۆش ویست،
حەزم بەدەوری خۆدا خولانەوە نەکرد.
پرسیم لەوانی هاتن و ڕابردن،
لەوانی خوێنی خۆ دەخۆنەوە،
لەوانی بە بێ ماندووبوون
باهۆز وەکو گوڵەگەنم دەدروونەوە،
لە پەروازی ماسیگرەکان،
لە شەقەی باڵان،
لە چوونە پارێزی ڕاوکەران،
هێدی هێدی لەگەڵ ئەمانەدا،
لەوە گەیشتم کە ئازادی چۆن،
لە زریکەی ساوایەکی،
بۆ یەکەم جار چاوبەدنیا هەڵێندا
پشوو دەدا.
گەورەبن، گەورەبن منداڵینە،
لاوکی لە لەبیرچوون بەدەری ئازادی

بخوێنن.
ئازاری باوکان،
عەزرەتی دایکان
بخەنە ئاوەوە منداڵینە.
لە ئاسمانەوە ئاوازی ئاشتی
بە دنیادا بە با دەن.
بۆ بە بەختەوەری چاوڕوون بوون،
بۆ ڕۆنانی دنیای نوێ،
باکتان بە ڕۆژگار نەبێ.
گەورەبن سپ و ساغ منداڵینە.
خۆشەویستەکەم،
بیر دەکەمەوە کەنگێ دڵت
وەک زایەڵەیێ ئازاری بۆڕدابێ،
دەبێ بە شتێ خۆتی پێ لەپشتەوە ببینی.
کەنگێ پێکەوە
لە نێو خۆشییەکی بە ئاواتمان دەخواست،
لە دوێنێوە بێین، بەرەو سبەینێیەکان ڕاکەین،
ڕەنج بە بیر و برِوا موتوربە کەین.
کەنگێ خۆشیی بەتاڵانبراوی ژیان،
وەک کۆلارە کاغەز، بەدەست
منداڵانەوە ببینین.
دیسان هەر لەگەڵ ئەو منداڵانەدا
بەرەو بەختەوەرییەکی بێ پایان.
ڕەنگە ئەمەی لەزەینی ئێمەماناندایە خەونێ بێ پێی بژین
بە لای هێندێکەوە خەیاڵ بێ و پڕوپووچ.

بەڵام درەنگ و زوو بە بڕوادێی،
کە ڕۆژ لە پەناوە لە دایک دەبێ،
لە پەناوە شیشی ئاسنی دیلێتی لەت و پەت دەبێ.
لە پەناوە مێشکی ڕۆژگار
دەبەرابەر ڕەنجی سەربزێو
دەبەرابەر ئەو کارە شۆڕشگێڕانەی
سەربزێوییان بە هاوڕێی خۆ کردووە.
جا هەنگین،
بەسەر ئەو ئاواتانەدا کە چەندین چەرخە چاوەنۆڕیانین
بارانی خۆش دەبارێ.
منداڵانیش بەو هەورانەی،
خێر و خۆشییان بەدیل گرتووە
پایدۆس دەکەن.
لە ناکاو، کاتێ ئازار لە مێشکمەوە تەشەنەی کردە دڵم،
تۆم لە جیابوونەوەی دەنکە گەنمێ لە گوڵەکەیمدا
بیر لێ کردییەوە.
خۆشەویستەکەم ئێستا
لەگەڵ گوڵووککردنی داراندا،
لەگەڵ لە ناخی دڵەوە پێکەنینی دۆستاندا،
لەگەڵ ئازاری خەست و خۆڵی تاڵ و تفتی مرۆڤاندا،
کە کەس نازانێ ژمارەیان چەندە
شانازی بە جوانییە ساوایانەکەوەت دەکەم.
بە منداڵ ئارایشت درانی جیهان،
بە جوانیی بێ پایان، لە خۆشییان دەبوورێمەوە.
ئەم لاوکە جیهانییە

بەو منداڵە پێشکێش دەکەم،
کە لە برینی بێ پایانی ڕۆژگارەوە،
بەرەو سەربزێوی ڕادەپەڕێ، کەچی
بە زۆرەملێش بوونی بوون ئاسایی فرۆشراوە.
هەستم بە ڕێز لێگرتنی مرۆیان کرد
زمانەکەم! هەمیشە خۆشم ویستووی،
پیتەکانت قەت تێک ناچن
هەموو ناوچەیەکم تێت دەگەن.
ئاسمان چەخماخە بدا
هەور لە هەموو لاڕا بگرمێنێ
گوڵەکەم ئەوانەی بەزەیان پێتدا نایەتەوە
زمانیان زوێڵ زوێڵ کرێ.
خۆشەویستەکەم،
وەک ئاوێنەیێ
بە دیواری ماڵێوەم هەڵاواسیت.
وەک سەعاتێ
بە دەماری دڵەوەم کردی ...
شەوقی بە چاکە و خراپە
لە ڕووی ئەوانەدا لەوبەرەوە دەهاتن،
دایەوە.
سەعات بە ڕێکوپێکی کارکردنی خۆی
لە شەوەزەنگدا بەدیارخست.
بەڵام بێ لە ئاوێنە نۆڕین،
بێ گوێدان بە دەنگی سەعات، کات بەسەرچوو.
دڵیش لەنوێوە

بۆ ڕۆژگاری خۆش،
بە سەرکێشییەوە
خۆی لە پێش ئازار ڕاگرت و
درێژەی بە پلدانی خۆی دا.
بەرانبەر بە ئاسەواری دیوی دەرەوەی ئازار،
لە ململانێی جوانی لە دژ دزێوی،
چاکە لە دژ خراپە،
ئاشتی لە دژ شەڕ،
دۆستایەتی لە دژ دژمنایەتی،
پێشکەوتن لە دژ پاشکەوتندا،
خۆشیی نەمرمان دێتە گۆڕێ،
ژیان لە نوێژەنەوە دادەمەزرێتەوە
دڵی لە خشتەچووی ڕۆژگار دەگەڕێتەوە سەر باری خۆی،
منداڵانمان لە باوەشی ئەو دایکانەی خۆر گۆش دەکەن،
زمانیان دەپژێ.
ئازار هی من، ئاوات هی تۆ
باهۆز هی هەمووومان،
هێدی هێدی، زۆر دەست و پەل مەکوتە،
زمانەکەم خۆ لەبەر خەم ڕاگرە
ئەوەی حەز لە زمانی خۆی نەکا
شارەگی ببڕە، وەخەبەر بێ.
لە هەزار و سێ سەت و پەنجا و چوارەوە
درێژە بە بێداریی خۆم دەدەم
هەرکە بێدار دەبمەوە لە باری خاو و خلیچکیدا
پەلەقاژێ دەکەم.

نێوی خۆم و خۆیەتیم لە تۆ دەپرسم
خۆشەویستەکەم،
چۆنێتیی دڵیشم بەم جۆرە باس دەکەم:
ساڵانی ساڵ بەسەرچوو، چ باکت
بە ڕۆژگار نەبوو، هۆ دڵە سووتاوەکە،
هۆ ئەو دڵەی پێکەنینەکانی
بۆ خۆشەویستیی دۆستانی فرۆشت،
هۆ ئەو دڵەی بە هەویا و عەزرەتەوە شێلدراوی،
بە قسەی ڕاست قنیات کردوو،
هۆ ئەو دڵەی لە باخی دۆستاندا بێ ناز کەوتووی،
بەستەزمانی بە تالان و بڕۆ چوو.
لەگەڵ شەیدای ئازادیدا
هەموو کون و کەلێنی دنیا بگەڕێ دلۆ!
دڵەکەی بە درێژاییی چەرخ و چاخان
بیر لە سەربزێوی کردنەوە لێ بوو بەخوو.
دلۆ بەسە! دلۆ بەسە!
مەیدان دێ بێتە هەژین ...
خۆشەویستەکەم ڕۆژگارێکی،
پەنجەی تاریکی لە دەرکەی دەدام
ئەمنیش،
لەتە نانێکی،
هێلکەیەکم لە نێوەندڕا لەگەڵ بەش کردبووی و
ئەو شیعرە دڵدارییانەی بۆ نانم نووسیبوون،
دەگەڵ هاڕاوەی پیتانمدا تێکەڵ کردبوون
هەر ئێش و ژانێکی چەرخی چەپگەڕ

لە پێشێی قوت دەکردمەوە،
شاگەشکە دەبووم.
بەڵکو شادمانیم، لە خەیاڵی
کەسێکدا، لە پەنایەکەوە دەناڵێ و
لە ڕۆژگار تۆراوە، واتا ورووژەی بەخەبەرهێنا،
بەڵکو هاڕاوەی پیتان لە دڵی برینداری،
لە خۆشەویستی بێ بەشێکدا، خۆشەویستییەکی گووراند،
بەڵکو لە نێو دڵی ڕۆژگاردا،
دەمارێ لە پیتەکانمانەوە لەرییەوە و
لە لاوژە منداڵانەکانماندا،
سەبارەت بەوەی ئەوان
ئێرەییمان پێ دەبەن،
نابەختەوەرییەک خولقێندرا.
بەڵکو چرۆی دار و درەخت،
بزەی خۆشەویستی ئەزەلیمان گرژایەوە و
خواستی ساختە لە ڕەگیانەوە هەڵزڕان.
چ کەین و بەینێ ڕووی دا، چ هاتە گۆڕێ؟
کێ دەزانێ؟
لە نێو ڕەگی ماندووی ڕۆژگاری بێ بەزەییدا
پێش وەی گوڵووکێکی تازە کە خۆشمان دەوێ، بە بەرۆکدا بکەن
بلێ،
ئەوەی لە نەخشی نێوچاوانماندا نەخش دەبوو
یەکەم ئازارێ بوو،
ئەوانەی لە هەموو ناخیانەوە بزەیان دەهاتێ
سووتووی خۆیان،

لە پشت باوە بە با دەدا.
بەڵام بەربەرەکانێی تێکۆشان و شەڕ
لە چاوی ئێمەماناندا و بە دەستی ئێمەمان
قایم و ڕوختە بوو.
وشەی پڕ لە خۆر و
پڕ لە ئەوینی لاوژەکانمان،
بۆ بەرەکانی دواڕۆژ دەچنی.
هەزاران دڵ لە هەر گۆشەیەکی دنیادا،
چریسکە چریسک لە خۆ ڕادەپەڕین و
پلیان دەدا.
هەر سبەینانی نوێ بوو،
هەر ئاواتی نوێ بوو،
هەر سەربزێویی نوێ بوو،
هەر چوونە بەر مەیدان بوو و
دروست دەبوو.
کەچی ئێستە وا ڕۆژگار بەسەرچوو،
وشە گوڕ و توانی، واتای،
لە نێو مستماندا لە دەست دەدا.
هەر لاوژەیە و بۆ لە دیلی ڕزگاربوون
بەرەو ئاسمانان باڵ دەگرنەوە.
ئەستێ لە کۆنەپووشووی خۆ دەگەڕێ
شۆخەکەم،
ئەمانەیش ئەو گوناھ و تاوانانەی ڕۆژگارن کە
لە لێ خۆشبوون نایەن،
ئەمەیش ئەو ستەم و دڵڕەقی و کینانەن،

ڕۆژگار بە باڵای بڕیوین ...
بڕوا بکە لە ناخمەوە قەسیا دەکەم
دەسرێژ لە دڵی ڕۆژگار بکەم،
هەست بەرێز لە مێژووگرتن زۆردەکەم و
ئەوەتا یەکێ لێم بەدەنگ هاتووە
بە دەنگێکی خەمگین دەڵێ
هۆ شاعیر:
ئەو مارانەی لەو دیوی چەرخەکانەوە هاتن
ژەهریان ڕشتە بادەمەوە شاعیر!
ئەوانەی بەدەستی خوێناوییانەوە خۆریان دزیوە
تاریکییان بە گراڤەکەمدا بڵاوکردەوە شاعیر!
ئەمەیش دەمێ بوو، ناگوترێ بەسەرچوو.
وەرە چاوەنۆڕی ئاکامی بە، ئەتۆ مەسووتێ شاعیر!
زادەی نێو خەڵک هەرگیز نابەزێ
هێند بیر لە ڕۆژگاری تاڵ مەکەوە.
خۆشەویستەکەم،
هەرکە ئەم دەنگانەی لە ناخی دڵەوە دێن دەبیەم
دەنگی تۆم بەبیر دێتەوە کە چەندین چەرخە،
نرکەی دێ.
بڕوام بەوە نییە خوێی گوڵووکان
بەدەم باوە بڵاوبێتەوە،
بێدەنگییەکی ناخم دەکرۆژێ،
لەگەڵ نووزەی گزنگی بەرەبەیانێکدا دەیدڕێنم.
هەوڵ دەدەم یەکەم خۆشەویستی و یەکەم خۆشییەکی
تیرێژی ڕۆژ دەیانهێنێتە گۆڕێ بە پێش چاوم بێنمەوە.

لە پاشان سەرلەبەری زەحمەتکێشانی دنیا
سەرلەبەری برسی و بنێسانی دنیا،
سەرلەبەری هەژار و دەستەوسانانی دنیا،
دێنم لە پەنا دیوارێکی بە سێبەریان دەحەوێنمەوە.
هەوڵ دەدەم لە زمانی هەرچی زووخاوی برین و ناسۆری
شان و بازوو هەیە،
لە زمانی هەرچی ئازاری ماندووێتییەکی لە چاوان دەدڵۆپی،
لە مانای هەرچی وشەیەکی تینووی سەرزاران هەیە،
لە زمانی هەرچی ئەرکی گۆشت پارەکردووی دەست و پەنجە هەیە
تێ بگەم.
دەبینم خەڵکەکە نەک مێژوو،
ڕۆژگار تاوانبار دەکەن.
هەموو ڕۆژێ لەنوێوە،
لە خوێنی ئاڵی شاڕەگی بەپلدا
هێندەی دیکە بە تۆوەنووسان فێردەبم و
چۆنێتیی شەریفانەی تۆ خۆش ویستن
لە بگرە و بەردەی نان پەیداکردندا.
چ خۆشبەختییەکە
پیاو ئەو مرۆڤە بریندارە،
تووڕە پشووسوارانە بناسێ،
هەتاو وەک ئاوخواردنەوە، بنۆشێ
چ خۆشبەختییەکە
پیاو بەسەرکێشییەوە ڕووبەڕووی مەرگ بوەستێ،
مەردانە بچێتە بەر مەیدانی ڕۆژگار،
سۆسەکردنی پلدانی دڵ و دەروون

له ڕەگ و شادەماری بازووواندا،
گێڕانەوەی بیرەوەریی زیندووی ڕابردوو،
چ کارێکی جوان و هونەرە.
له نێو تاریکیی باڵ بەسەر دنیاداکێشاوەوە
بەدەنگ هاتن،
له نێو دڵی تاریکیدا جێ گیرکردنی
ئەو ئەستێرانەی لە ئاگر پژێنەکانڕا دەردەپەڕن، پڕ بە دنیا قریواندن،
بە زمانی زارۆکان هەڵکردنە لاوژە و سترانی بەختەوەری،
بە خوێنی شەهیدان داستان نووسین،
بە ئامێژنی سەربزێوییەوە هەست بە شانازیکردن،
بەبۆن و بەرامەی خاکەوە ژیان،
بە بێ ترس و لەرز دڵدار ماچکردن،
ئەمانەن پلدان و هەڵپەی دڵەکێشکەمان،
ئەمانەن ئەو سبەینێ ڕوونانەی چاوەڕێیانین،
باهۆز بە قوربانی گیان کردن
چۆن دەست بەسەر و قژی یارێکدا دێنی
ئاوها دەست بەو گەڵا شەنگەبییانەدا بێنی،
کە لەگەڵ گزنگی ڕۆژدا ئاوان ماچ دەکەن.
بەرماوی کوڵ و کەسەری لە نێو بادەدا بنگرتوو
سەرلەنوێ هەڵقوڕاندن،
لەم نێو دڵە خوێناوییەی ڕۆژگاردا
شێتانە تۆ لە ئامێزکردن،
واز لە هەموو شتێ هێنان و
بەبیرهێنانەوەی دۆستانی کۆچ کردوو
چ بەختەوەرییەکە،

چ خواستێکە،
چ لاوا و تکایەکە،
نەکەی لە بیری کەی
ئەوی بیریان لێ دەکەیەوە.
ڕێگاوبانێکی لە خەیاڵمدا قەدەغەکراون
لێ پاشگەزبوونەوەیان بیر و ئەندێشەیەکن،
سەرداپۆشراو لەسەر سفرە و خوانی سەروەتاکمان،
ئەو دەمانەیە
خۆشی بەدەم چوارمێخەکێشرانەوە،
دەداتە کەڵەوەکێشی لەبەر دەممماندا
کۆترێکە لە ماڵماندا،
بە دەنگێکی تاساوەوە ناڵەی خۆی دەردەبڕێ
لاوژەیەکە بەسەر زمانمانەوە،
پشکۆیەکی لە کوژانەوە نەهاتووی سووتمانێکە لە
ئاگردانماندا.
لەم شەپۆلی ئێش و ئازارەی لە پێشمدا شەپۆڵ دەدەن تێ پەڕە،
لەم عەزرەت و کۆڤانە ڕەگ داکوتاوەی
لە دڵمەوە داکشیوە و
سالآنی ساڵ هێناونێ گۆڕێ و
بەر پێلەقەی ڕۆژگار کەوتووە،
تێ پەڕە،
لەو نیگا تیژانەی لە ناوجەرگەی
زریکە و هاواری ناگەهاندا پێ گەییون
تێ پەڕە.
ئەو قسە و قسەڵۆکە پڕ لە ناکۆکییەی

تۆش و هەموومان
لە سێبەریدا دادەڕزێنێ، لەت و پەت کە،
ئەو دووڕووانەی خۆیەتیی خۆیان دۆڕاندووە،
ئەوانەی سەریان بۆ چارەنووسی خۆیان شۆڕکردووە،
ئەوانەی هەموو شتێ بۆ بەرژەوەندی خۆ سەروبەر دەنێن
پشتگوێ خە.

بەسە. خۆت لەبیر مەکە، بەسە،
خۆ لە شاڕەگی ئەم کەژە زۆپە گەردنکەشانەی
سەر زەوی مەپچڕە.
ئەتۆیش
دەمارێکی، لە دڵی ئەم جیهانەدا پل دەدەی.
ئەتۆیش لە نێو چاوی شەوگاردا کە بەدزییەوە
خوێن دەڕێژی پڕیشکێکی،
لە مەیدانی سەرکێشیدا شەرەفی مرۆی.
تۆیش لە نێو شەپۆلی مرۆیاندا
مرۆیەکی.
ئەو دومەڵانەی لە سینگتدا خوێنیان لێ دەچکێ
ناڵەی لە بڕانەوە نەهاتووی
ئەو دیلانەیە کە بەدرێژاییی
چەرخەکانی ڕابردوو پەلکێش
دەکرێن و
چیرۆکێکی خوێناوییە،
باسی قڕانی بە ناتێگەیشتنەوە بەڕەوازاندراو
دەگێڕێتەوە.

تۆ، تۆی.
ئەوانەی تۆشیان خۆش دەوێ،
ئەو گڕەی (باوەگڕگڕ)ە کە لە خاکی منەوە
هەڵ دەگڕێ و
ئاسمانی لە باوەش گرتووە.
جا لەبەر سێبەری ئەم گڕانەدا
هەڵدەکەینە چریکەی لاوک و حەیران:
با بگڕێ، با بگڕێ،
بە ئاگری ئەوین بسووتێ زمانم،
بە شەو و بە ڕۆژ شەکەت نەبێ
قنیات بە خۆشەویستی یێ بکا،
تۆ شکۆیەکی لە پێناوی
ئەم نیشتمانەمدا هەرگیز لە بیرناکرێی.
یەک نەتەوەین، تۆ شەرەفمانی.
تۆ ناو و شۆرەتمانی زمانەکەم.
بۆ عەزرەتکێشان، بۆ ئازارکێشان،
تۆ گیانێکی هەرگیز لە ڕووخان نایەی.
تۆ ڕابردوویش و دواڕۆژیشی،
ئەو دەمەی تێیدا دەژین.
بە زمانم فێرە مرۆناسین بووم،
بە زمانم لایلایەکانی دایکم کە بەدەم
لانک ڕاژەندنەوەی دەکردن بە گۆرانی
نووسی.
خۆریاتەکانی باوکم،
پەندە بە تیشکەکانی باپیرمم،

سەرگروشتە و چیرۆکی بەرئاگردانی
شەوگاری زستانی باپیرانمان و
داستانە پڕ قارەمانێتییەکانمانم،
بە زمان لە دنیا ڕاگەیاند.
خۆشەویستی، دڵخۆشبوونم،
بە زمانم فێربووم.
هێندێ جار لەگەڵ وەیشوومەی شێت و هاردا
دەستە و بە رۆک وەستام،
بە زمانی خۆمم شیعری خۆم خوێندەوە.
ویستم لەبوونی خۆمدا،
دوور لە سێبەری خراپە بژیم.
بە زمانی خۆم زمانانی سەرلەبەری
دنیایێم خۆش ویست.
بەڕێزەوە فێری ئەو شتانە بووم توانیم فێریان بم،
بە زمانم بادەی ئازارم نۆشی،
چەندین چلە و خەڵوەی دەرکەنەکراوەم کێشا،
گوێم بە پێلەقەی بێ ئازاری ڕۆژگار نەدا،
گوێم بە ڕووداوی هەناوهەژێنی ژاراوی نەدا،
هیوایەکی نەبڕاوەی ڕووەو ڕووناکیم
لە ناخمدا لەگەڵ تۆدا زمانەکەم!
هێنایە گۆڕێ.
موژدەدەری سەرکەوتنان،
زمانە خۆشی فرۆشەکەم،
جوانی بە گۆرانیکەرم،
نەیاری دزێوی،

زمانە هەرگیز حەز لە تاریکی نەکردووەکەم،
زمانە لە نێو دڵ و دەرووندا نووستووەکەم،
زمانە تنۆک تنۆک
ئارەق لەگەڵ خوێنی خۆدا تێکەڵ کردووەکەم.
خۆشەویستەکەم،
تۆ ئەو سەروایەی هۆنەران لێت دەگەڕێن،
تۆ ئەو ساوایەی بۆ فێربوونی قسەکانی دایکی ئەڵها دەکا،
تۆ ئەو خۆزگە سێوییەی،
لە بیر و ئەندێشە دێتە گۆڕێ،
تۆ ئەو دەستە دەستە بڕگە شیعرانەی،
لە دووی دۆست عەوداڵ،
بەزین بەزێن،
لەگەڵ باهۆزدا زۆرانکەر.
خۆشەویستەکەم،
ژان لە دەست و مەچەکمدا،
لە دڵ و دەروونمدا،
قڕە و هەرا لە خۆزگەمدا،
لەو لاوژەی بەهارەدا کە
ڕۆژگار لە بیری بردووینەوە،
بە هەڵاواسراوی ماونەوە.
لە کاتێکدا دواتنۆکێکی شین، بە ئاسمانەوە دەلەرزی
ئەم دڵەی کە دۆستی خۆشی و ناخۆشیی خۆیم،
بە هەستێکی قاچاخەوە بە تۆوە بەسترا.
هۆ ئەو گوڵەی بۆ گولاو وەرگرتن لە گوڵ
گوڵ پێشکێشی گوڵێ دەکا.

هۆ ئەو گوڵەی شەو و ڕۆژ
بە عەزرەت و کۆڤانی دۆستەکانیەوە هەڵدەقرچێ،
بیر لە تۆ کردنەوە،
لەگەڵ تۆدا دڵداری موتوربەکردن،
لە نائاگایی و لە بیرکران بێداربوونەوە و ڕاپەڕین و
لەگەڵ سەربەستیدا شاد و شوکور بوونەوە،
سەرپێچیکردن لە باری شەکەتی و کەنەفتی،
سۆسەی کرژهەڵاتنی ڕووی ئاسمان،
پەژارە و خولیای توانی هەبوون،
لە ناوجەرگەی تاریک و نووتەکییەکانی ڕۆژگارەوە
بەرەو ڕووناکی بەڕێکردن،
لەگەڵ بیرکردنەوەدا،
لە سینگی چیاکانەوە،
بە دەم ئازایەتی مژینەوە،
بەسەربزێوییەوە درێژە بە ڕێبوێری دان،
لاوکی ئازار هی من، ئاوات هی تۆ
باهۆز هی هەمووما
لەگەڵ زارۆکاندا چڕین،
خەونێکی چەند خۆشە،
بە ئەوینەوە گرفتاربوون کارێکی چەند خۆشە.
خۆشەویستەکەم،
دەرکەیەکم لە حەفت دەرکەی دنیایێ
بە دەرکەی ماڵە خۆمان شوبهاند.
لە پێش دەرکەی ماڵە خۆم
بە نیازی خۆناساندن،

کێیەتیی خۆم بۆ براکانی خۆم درێژکرد، بمناسن،
پێش ئەوەی،
ئەوانەی داکۆکی لە شارستانێتی دەکەن
خوێنەکەم،
زمانەکەم،
ئەو ئێش و ئازارانەی لە نێو پێڵووی چاومدا خەست بوونەوە،
بخوێننەوە،
لێیان کردمە هەرا، کە لادێییم.
ویستیان گاڵی باڵندەی درِم لێ بدەن
پێشان دارسەرووەکەی بەرەو ئاسمان هەڵچووم،
پاشان مێخەکە ئاڵە خۆشەویستەکەم
ببرن.
گوتیان کار لە کار ترازاوە
بروایی بەمە بێنە.
بروایيم بە داکۆکییان نەهێنا،
دامە کەڵەوەکێشی و نەراندم:
دایکم گەورەی کردم،
گوتی زمانی خۆت فێربە،
سەر بۆ باهۆز شۆڕنەکەی،
دەستت هەرگیز لەبیرمەکە،
داوێ لە سازەکەی خۆت
بە هەموو دنیا مەگۆڕەوە،
کورِم هەرگیز لە مەرگ مەترسە،
لافاوی دنیا ببوێرە،
ئەو دژوارییانەی، ڕۆژگار لە پێشێی خولقاندم، بوارد

گوێم بە قسەی ئەوان نەدا.
لە سای هێزی لاوەکانمانەوە، بێ وەڕەزبوون،
بە لاوکی ئازادی، دۆستایەتی و نیشتمانپەروەری،
سەرلەنوێ دارسەرو و مێخەکی سوورمان پێ گەیاندەوە.
بەڵام خۆشەویستەکەم،
ئەوانەی داکۆکی لە شارستانێتی دەکەن
ڕاوکەرانی هەل و دەرفەت،
سەرپێچییان لە گەشە و گۆڕان کرد
لەبەردەم گرژبووندا سەریان شۆڕکرد،
ئەمێستەکە، لە هەموو شوێنێ گرژبوون وەک کلیل تینووە،
پێشکەوتن، بێ وەستان وەک ئاو دەڕوا،
موژدەی نێو ئاواتی دیدەی لاوەکانمان،
وەک گەڵا سەوز بوو.
ئازار هی من، ئاوات هی تۆ
باهۆز هی هەموومان.
دەڵێن خۆر لە کڕوکپی دەخورێ،
ئەستێرە لە شەوەزەنگ دەقریوێ،
جیهان لەگەڵ گزنگدا
بە ژانی زاینەوە دەتلێ،
کە مێرخاسێ دەمرێ،
ئەستێرەیێ لە ئاسمان دەکشێ،
ئەوەی دەمرێ تۆبی،
پێم وایە جیهان دادەتەپێ،
چونکە تۆ،
توانی منداڵان، گوڕی ژنان،

وره‌ی هه‌موو شتێکی.
تۆ جه‌وهه‌ری مرۆڤایه‌تیت.
خۆشه‌ویسته‌که‌م ناخۆشیی نێوان هاوسه‌رده‌می و پاشکه‌وتن،
ئه‌و ڕاستییه دێنێته گۆڕێ که هه‌رگیز نامرێ.
هه‌ست به هاوسه‌رده‌می و پاشه‌که‌وتن
ئه‌وه‌تا له‌گه‌ڵ میلله‌تدا بی،
ئه‌وه‌تا له‌گه‌ڵ میلله‌تدا بسووتێی.
به‌ڵام هه‌رکه ده‌هۆڵژه‌نه‌کان،
ئه‌و له بیر و بڕوا بێ به‌شانه‌ی جه‌وهه‌ری خۆیان دۆڕاندووه
دێنه به‌ر مه‌یدان،
به ده‌ستیان بێ
گۆرانییه‌کانمان،
هۆره و لاوژه‌کانمان،
ئاوازه‌کانمان،
شیعره‌کانمان و
زمانه‌که‌مان،
وه‌به‌ر گولله ده‌ده‌ن.
خۆشه‌ویسته‌که‌م ده‌زانی،
ئه‌و گوڵه مێلاقه‌سوورانه‌ی له‌سه‌ر لێوان ده‌پژێن،
له سێبه‌ری به‌ته‌نیا ماوه‌ی بزه‌ی برسییاندا
ده‌وه‌رێن.
ئه‌و ڕاوچییانه‌ی له تاو نیگه‌رانی و خه‌م هه‌ڵدێن،
له چاوه‌ڕێکردن بێزار ده‌بن،
ئێمه‌یش به ده‌نگی زوڵاڵی خۆمان،
مرۆڤایه‌تیی خۆمان،

سەربزێویمان،
هیواخوازیمان،
بەختەوەری،
نیگای خۆشەویستیی پڕ لە چاکەخوازیمان،
بۆن و بەرامەی خاکمان کە وەک پێڵووی چاومانی دەپارێزین
لە جیهان ڕادەگەیێنین.
ناو بەناو بیر و ئەندێشەی مرۆ،
دەبێ بە لێڕە گڕ و بڵێسەیێ.
خۆشەویستەکەم،
کە مرۆ دەمرێ،
لە ژێر مستێ خاکدا دەشاردرێتەوە،
ڕۆژگاری لە ڕاست مرۆ دڵڕەق،
لەش ڕزیو لە ژێر خاکدا،
لە لمی مەزار و دەشتان وەردەدا.
هەنگێ مرۆ هیچ ئاسەوارێکی پێوە نامێنێ
ئەوەی دەمێنێتەوە
تەنیا قارەمانێتیی لەمێژینەی مرۆیە.
خۆشەویستەکەم،
بیر لە وێرانەکانی (بابل) بکەوە،
بیر لە تاتەنووسەکانی یادگاری (ئورخون) بکەوە،
بە تێکۆشان و تێ هەڵکردنەوە،
بە لاوژەی تازەکوورەی سەربزێوییەوە،
بە شیعرێکی کە ڕوخساری دنیا دەگۆڕێ،
بەرەو ژیانێ کە لە نوێوە دادەمەزرێ، هەنگاو هەڵێنە.
چاوێ بە دەوروبەردا بگێڕە.

بڕوانە ئەو خۆرەی لەگەڵ گرژانەوەی ساوایاندا هەڵدێ چۆن بە
ئاوی ڕەوان خۆی دەشوا و
شەیدا و شیفتەی خاک و نەوەی خۆ،
هەناسە بە هەناسەوە،
سنگ بە سنگەوە،
هەڵدەکەنە چریکەی لاوکی سەربزێوی،
دەنگ بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ
پاشان لە دەرکەیێ لە حەوت دەرکەی دنیاڕا وەژوور دەکەوێ،
ئەم دەرکەیە،
دەرکەی ئەو خاکەیە کە،
ساڵانی ساڵ،
عەزرەت و
ئازار و
هەویا و
خۆشیمانی تێدا گەورە کرد.
یەکەم پلەی هاوبەشیکردنی دۆستایەتیی گەلانە،
لە مەرگ نەترسانە،
کووچەیەکە بەرەو جیهان دەکرێتەوە،
پەنایەکە بۆ خۆشەویستی نۆشین
خاکێکی نماوییە، بۆن و بەرامەی بە ڕۆح و گیاندا دەتەنێتەوە.
جوانەکەم،
لە پەژارەی ڕابردوو شەکەت نیم،
لە ئاسەواری بێ سەر و شوێنی دواڕۆژ نیگەران نیم،
هەرچەندی پاشماوەی ڕۆژگار دەبینم
خەیاڵ پلاو بەدەم باوە دەدەم.

لەگەڵ ڕۆژێکی نوێدا دەژیم و پێ دادەگرم
ئەتۆیش بەزینت
پێ خۆش نییە،
ئەتۆیش وازت لەوە نییە لە هیچە بە دەوری خۆدا بخولێیەوە.
ئەتۆیش وەک ئێمە،
لە سەرهەڵدانی کاری ناڕەوا بەدەنگ دێی،
ئەتۆیش ئەو هەڵبەستانە بۆ لاوانمان دەڵێی،
کە بە جەوهەری ڕەنج نووسراون.
هەرگیز ناتەوێ ڕووناکی
لە تاریکستان دوورخەیەوە،
هەرگیز ناتەوێ سەرکێشی لە ژیان،
مرۆ لە خاکی خۆی دوورخەیەوە.
خۆشەویستەکەم،
داوی خۆشەویستیم لێ دوورخەوە،
بەبێ خۆشەویستی هەڵناکەم،
بەبێ خۆشەویستی دەستم قەڵەم ناگرێ،
وەرە با پێکەوە لاوکی سەربزێویی بێ پایان بشۆین
بخوێنین،
خۆشی پەنهانی ئەو لاوکانەی
لە ئێوارەوە ماونەوە،
لە ئاوی ئەو کەسانەدا حەزیان لە دۆستایەتییە
بۆ ئەو کەسانەی هەست بەڕێز لە خۆشەویستیی ڕاستەقینە گرتن،
دەکەن،
بۆ ئەو ئێش و ئازارەی بە ئاگرمان بووە
بگێڕینەوە،

بەریان بکەینە ئەو بایانەی ڕووکاری خۆیان لێ تێک چووە،
لە دژ ئەو باهۆزانەی بۆ لەت و پەت کردنی
خۆشەویستیی
مرۆ.
دۆستایەتی،
شەرەف،
بوونی بوون ئاسایی هەڵیان کردووە
بدەینە سەرکێشی.
ئێستاکە دەڵێم حەزم
لە بێداربوونەوەیەکی ماندووی جوانێکی وەک تۆ کردووە
هەست بە شانازی دەکەم،
هەرچەندت دەبینم،
بە نێو ساڵداچوونم لە بیردەچێتەوە
هەرچەندم خۆشتر دەوێی
هێندەی دیکە ئاشتی،
دڵنیاییم
خۆشتر دەوێ،
هێندەی دیکە بە زمانی زگماکی خۆ خوێندن،
هێندەی دیکە ئەو لایلایە نەمرانەم،
مرۆ بە زمانی زگماکی خۆیان
لە دایکیانەوە فێر دەبن،
خۆشتر دەوێن.
دایکە خاکی زەویی خۆم، وەک منداڵان
چۆنیان خۆش دەوێن، ئاوها خۆش دەوێ.
گوڵەکەم،

خۆشەویستییەکەمان گەورەیە گەورە،
دۆستایەتییەکەمان پڕە لە ئاشتی،
کە بۆن و بەرامەی نانی گەرمە تەنووری جۆمان تێدا دەپەنگێتەوە،
هەر بیرەوەرییە و لە پێشێمان قوت دەبێتەوە.
ماستمان لە مەشکەدا دەژەندرێ،
مراویی بریندارمان لە جۆگەلاندا دەگەوزێن.
(خۆریاتەکان)مان بە تاسەوە لە چیای (مورتەزا عەلی)یەوە
بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێن،
لە چیاکانماندا لەگەڵ عەزرەتی
(لاوک)ێکی پڕ ئازار و کوڵ و کەسەردا تێکەڵ دەبن
ئەو ئەوینەمان بە ئارەقەوە دەدڵۆپێ
بە هەموو کون و کەلێنی وڵاتەکەمدا بڵاو دەبێتەوە
چاوەڕێی سوورگوڵ و نێرگزان دەکا
کەنگێ دەپژێن.
ئەو بروسکەیەی لە نێوڕەگی قایەکاندا خۆی لە بۆسە داوە،
لە بەیارەکانی ئێمەدا گڕ لە بەستەی (عەتابە) بەردەدا
ئەو کۆلکە زێڕینەیەی لە چرچ و لۆچی ئاسمانەوە
هەڵدێ و دەچێتە بەر مەیدانی شێت و شووریی ڕۆژگار
ئاوازە لە بیرکراوەکانی لە کەوی بەندەنان ڕادەگەیێنێ،
خۆشەیستیمان لە ناخدا لەدایک دەبێ
خۆشەویستی لە دەوروبەرمان لە دژ دیلێتی سەر دەبزێوێ
چونکە خۆشەویستییەکەمان لە نێو ڕووناکیدا
لە ڕۆژی ڕووناکی شەوەزەنگ تالانکەردا وەک شیری دایک وایە
خۆشەویستەکەم،
ئەمێستاکە ئەو شەڕەی

بەسەربزێوییەوە دوادێڕیم نووسیوە،
هەرچەند لە باوەشمدا هەست بەلەرزینی دەکەم،
سەرلەنوێ فێری تۆ خۆشویستن دەبم،
بەو دوا قومە خۆشەویستییەوە کە لە ئاسمانڕا دەینۆشین
دەمهەوێ خۆریاتەکەم بچڕم:
«داخ بە داخەوە
هێندە داخ مەنێ بە داخەوە
تۆ وەرە دەستتم دەیێ
کێوت بۆ وەسەر کێوخەم»
ئەمن لە جەنگەی سووتمانی شیعردا، سووتانم دا
دڵمت چووبوویێ شۆخەکەم،
لە گزنگی بەرەبەیانێکدا کە
لە دیلێتیی شەوەزەنگ ڕزگار بووبوو
تۆم بەدی کردبوو شۆخەکەم،
هەست بەبۆن و بەرامەی بەپڕتاوی
بەهارێکی بێ پایان دەکەم،
بە مانا و هێڵی درێژیی جیهاندا تێ دەپەڕم،
یەکسانیی هەموو شتێکم دەوێ،
ئەو نامەردانەی
مرۆڤایەتیی خۆیان،
بوونی بوون ئاساییی خۆیان،
دۆستی خۆیان لە بیرکردووە،
ئەوانەی بە چاوی کەم،
لە ڕەنج،
لە سەربزێوی،

له خواست،
له خۆشەویستی دەڕوانن،
ئەوانەی جوانیی ساوایەک،
لەگەڵ گزنگی ڕۆژدا
بەسەرەتای ئەوینێ ناشوبهێنن،
ئەوانەی بوونی خۆیان بە پارە دەفرۆشن،
قێزم لێیان دەبێتەوە.
خۆشەویستەکەم،
ئەوانەمان دیت کە بەئامانجی خۆنەگەیشتن لە ڕێگایەکدا و
لێکدی جیانەبوونەوە،
هەرا و هۆریای بێ مانای ئەوانەشمان بیست کە،
لە نێو دڵی خوێناویی ئەم ڕۆژگارەدا،
لەگەڵ گزنگدا بە جریوە جریوی بێ دەنگی لەت و پەت کردووی
کێشکەکێوی دەخاپێن.
گیان کێشانی ئەو تاریکییەشمان دیت کە،
لە نێو ژوورەکانماندا، لەسەرەخۆ ونجڕ ونجربوون،
لەو ئاوێنانەدا کە بە دیوارەکانمانەوە هەڵاواسراون
زپ و زیندووێتیی ئەڵها و تاسەی شاد و شوکوربوونەوەشمان دیت،
لەوەیش گەیشتین ئەوانەی لەجیاتی برایەتی و دۆستایەتی،
ئاگری قسە و قسەڵۆکیان لەبەر ئاگردانی سفت و شاش و واشماندا
خۆش دەکرد،
چۆنیان بیر دەکردەوە.
بە هەموو هێزێکمانەوە چەکوشمان وەبەر چەکوشان دا
مانای قسەی بەسەرلێوەوە بە پڕیشک بوومان
پڕ بە باڵای خۆ بە بەرەکانی دوارۆژ بەخشی

بەو چاوانەی سەربزێویی شەفەقیان پێ چاوەڕێ دەکەین
لاوک و بالۆرەی خۆشەویستیی خۆمان چڕی
بەو دڵەکێشکەوە کە لە دژ دیلێتیی ڕۆژگار سەردەبزێوێ
ڕوومان لە ڕۆشنایی جیهان کرد،
ویستمان هەر بەدبینییەکی هێناویە گۆڕێ
لە ڕەگ و ڕیشە دەرێنین.
مرۆمان لە خولیای مرۆ خۆیدا خۆش ویست و
هەر بەو تەرزەشمان دەوێ
خۆشەویستی تێکەڵ بە ژیان بکەین.
خۆشەویستەکەم
ژیان
واتە لە دڵی خوێناویی ڕۆژگاردا
بوومەلەرزەیێ هەڵایساندن،
واتە تیرێژ تیرێژ
هەتاو لە خۆر دزین،
واتە مرۆی دەوروبەری خۆفێرکردن.
هەرچەندیش فێربوون
بە کڵپەی شۆڕشەوە
ئازار کێشان و
هەست بە شادی کردن
شادی و بریسکانەوەی پشووێک
واتە لەدایکبوونی ڕووناکییەک.
خۆشەویستی
هیوایەکە
لەگەڵ بەختەوەریی مرۆڤاندا هەڵدەقوڵێ،

واتە دەست بەتیشکی خۆرداهێنان،
کوت و مت وەک دەستێ بە بژ و باڵی ئەسپێکدا بێنی،
ژیان وەک خاک پیرۆزە،
ڕک و کینە
ئۆیینێکە مرۆی نەخۆش
دەیهێنێتە گۆڕێ
هەرچی تووڕەییە واتە چوونە بەر مەیدانی ڕک و
خراپە ئاگر تێبەردان
وەک ئاگرپژێنی
شکانە نێو دڵی تاریکستان.
مرۆڤایەتی واتە
سەرلەبەری مرۆی دنیا
لە ناخەوە خۆشویستن،
لە پێناوی ئازادی و بەختەوەریدا
بەربەرەکانێ کردن.
سەرکێشی
واتە لە مانای بەربەرەکانێ گەیشتن
بەبەربەرەکانێکردنەوە مردن
بەبەربەرەکانێکردنەوە ژیان،
جەوهەری تووڕەیی نووسین.
زمان
بوونەوەرێکە
دەرکەی دادەخرێ و دەکرێتەوە.
جەوهەری بیر
واتە ئەو قسانەی دایکمان کە لەبیر ناچنەوە.

هەبوونیشی
واتە بە زمانی منداڵانمان
ئەم لاوژەیە بچڕین:
ئازار هی من، ئاوات هی تۆ
باهۆز هی هەموومان.
ئەو خوبەختکەرانەی
بەستە بۆ خۆشەویستی پێشکێش دەکەن
توان و گوڕیان لە قوڵنگەکانیاندا وەشێردووە
(فەرهاد) ئاسایی کێو کون دەکەن.
لە جیاتی ئاو خوێن دەنۆشن
دەریاکان بە نیشانە هەڵدەبژێرن
نێو بە باڵای تاریکی دەبڕن
ئەمانەیش هەمدیس هەموو هی ئێمەن
(نەسیمی)یش و (فوزوولی)یش
هەرچی شاعیری مرۆپەروەری ئەم سەر دنیایە هەن
هەرچی ئەوانەی بە درێژاییی مێژوو
داستانی خۆبەختکردنیان نووسیوە
بیرەوەرییەکانیش سەرلەبەر هی هەمووماننن.